# کەمێک ویژدانتان بێت. سڵاوێک بۆ د. تاریق شاکەلی ... ئوسامە سەلاح خورماڵی

بەراستی سەیرە ئەوەی لەم وڵاتەدا رەخنە لەئیسلامیەکان بگرێت دوچاری ئەو هەموو سوکایەتی پێکردنە ببێتەوە. کەسێك یان چەند کەسێك لەناو حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان پەیدا بووە و هەرجارەی بەناوێك دەست بەشەرەجنێو و قسەی هەلەقومەلەقی پڕ لە بوغز و قین دەکات و لەگەڵ دەربرینی هەر بۆچونێك کەلەبیرکردنەوەی ئەوان جیاوازبێت خێرا دەست بە رشانەوە دەکەن و هەرچی خوا پێی ناخۆش بێت بەدەمیاندا و بەدەستیاندا دێت. لەم رۆژانەی پێشودا بینیم چ تۆمەتێکیان خستە پاڵ خاتو نەجوا هەولێری و ئینجا سوکایەتیان بە مامۆستای گەورە (د. تاریق شاکەلی) کرد کە هەموو کوردستان دەزانن خانەوادەکەی چۆن لەپێناو کورد و کوردستاندا هەموو شتێکی خۆیان بەخشی و ئامادەش نەبوون بۆ تەنها جارێکیش تەنازول بۆ رژێمی بەعس بکەن. لەکاتێکدا زۆربەی ئەندامان و بەرپرسانی حزبە ئیسلامیەکانی ئەمرۆ یەك دڵۆپ عارەقیشیان بۆ کێشەی کورد نەرشتوە و کەس نەیزانیوە لەچ کونێکدا جاشایەتیان بۆ بەعسیەکان و وەهابیە تیرۆرستیەکان کردوە کەئێستا بوونەتە میکرۆب و وەك سەرەتان لە جەستەی کورد ئالاون. ئاخر ئێوەی بەکرێگیراوی زەرقاوی و ئوسامە بن لادن چۆن روتان دێت روو لە روناکبیر و پسپۆرێکی گەورەی وەك (د. شاکەلی) بکەن. دەبوو ئێوە شەرمتان لەخۆتان بکردایە لەئاست نووسەرە کوردەکاندا سەر بەرز بکەنەوە. ئەگەر رۆشنبیر و پێشمەرگەکانی کوردستان نەبوایە ئێوە خوا دەیزانی لەکوی دەبوون و لە چ مۆڵگەیەکی تیرۆرستاندا دەتانخولاندەوە. من دڵنیام رۆژێك دێت ئێوە ئاشکرا دەبن و ئەگەر لە شەرمان نەمردن ئەوا بەر نەفرەتی خەڵکی کوردستان دەکەون. ئێوە ئێستا نەگەیشتوونەتە دەسەڵات ئەم هەموو فسق و فجورەتان تێدا دەبینرێت. جا ئەگەر خوانەخواستە بگەنە دەسەڵات ئەبی چ یاسایەکی دارستان پەیرەو بکەن و چەند نووسەر و رۆشنبیری کورد لەسێدارە بدەن یان بەر (جەڵدە) ی بدەن؟؟. ئەوە من لەجیاتی هەموو نووسەرانی کورد داوای لێبووردن لە (د. تاریق شاکەلی و خاتوو نەجوا هەولێری) و هەموو ئەو نووسەر و روناکبیرانەی کورد دەکەم کە دەکەونە بەر جنێوی ئیسلامیە کۆنەپەرست و دواکەوتوەکان. مژدەی ئەوەشتان پێدەدەم کە جنێودان تەمەنی نووسەر و حزبەکانیش کورت دەکاتەوە.